دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوریی

ناوی کتێب: شانۆی ناشانۆ

نووسینی: شکۆ عومەر

بابەت: وتاری شانۆیی

دیزاین: ئارام عەلی

تیراژ:

نرخ:

چاپی یەکەم: دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٤

کوردستان – سلێمانی

## پێشەکی

زۆرجار لە دنیای رۆشنبیری کوردیدا بەرهەمگەلی ناوازە بوونەتە بە قوربانی نەبوون یاخود لاوازی نوسین و رەخنە و ووتار و لێکۆڵینەوە و خستنە بەرباسی بەرهەمەکە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کایەی رەخنە یاخود تەوسیقکردن کایەیەکی هەژار و گرنگی پێنەدراو بووە و بەو هۆیەشەوە هەر کارێکی هونەری و ئەدەبی چەندە داهێنان و نوێکاریشی تێداکرابێت بە تێپەڕبوونی کات لە بیر چووەتەوە و لە قۆناغەکانی داهاتوودا بە نەوەی نوێ نامۆ بووە، زیندوترین نمونەش رەوتی شانۆی کوردییە کە دەوترێت تەمەنی رەوتەکە نزیکەی سەدەیەکە بەڵام دەبینین تەمەنی نویسن و لێکۆڵینەوە دەربارەی بەرهەمەکانی ئەو رەوتە زۆر کەمترە لە تەمەنی رەوتە شانۆییەکە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هێندەی بیر لە زیادکردنی کارەکان کراوەتەوە هێندە بیر لە تەنزیرکردنیان نەکراوەتەوە.

نوسین لەسەر کار و بەرهەمی خۆت رەنگە کارێکی تاڕادەیەک نامۆ بێت بە دنیای ئەدەب و هونەری کوردی، بەو پێیەی نوسەر یان هونەرمەندی کورد کەمتر لەسەر بەرهەمی خۆی قسەی هەبووە و زیاتر ئەو ئەرکەی بۆ کەسانی تر بەجێهێشتووە، بێگومان ئەمەش هۆکارگەلی خۆی هەیە کە قابیلی قسە لەسەرکردنە بەڵام لە شوێنی خۆیدا.

ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوک گرنگترین کارێک کە کردمان و بە باشترین کاری خۆمان زانییوە، قسەکردن و نوسینە لەسەر بەرهەمەکانی خۆمان، ئەوەش بەپلەی یەکەم بۆ زیندووهێشتنەوەی بەرهەمەکان و دواتریش وەک

هەوڵدانێک بووە بۆ دروستکردنی ڕەوتێکی تیۆری لە پاڵ ڕەوتە شانۆییەکەمان بەوهیوایەی توانیبێتمان کارێک بۆ شانۆکەمان بکەین مایەی شانازی و پێزانین بێت.

ئەم نوسینانەش چەپکێکن لەو ووتارانەی کە لەسەر بەشێک لە بەرهەمەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوک نوسراون.

**شکۆ عومەر**

**کەرکوک**

30 **ئازاری**

2014

## ئیدی لێرەدا شانۆ تەنها حەز نیە بەڵکو تێفکرییـنە قوڵەکان شانۆ دێـنـنـە ئاراوە
## (زەرووریەتی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووك لە ساڵیادی دامەزراندنیدا)

نێوەندێکی شانۆیی پەرتەوازە و بێ ئاڕاستە، نەبوون و بیرنەکردنەوە لە پڕۆژەی شانۆیی، نمایشگەلێکی زۆر و کەمترین مەعریفە، حەزێکی زۆر بۆ شانۆ و هەوڵنەدان بۆ بارگاوی کردنی عەقڵ بە زانستەکانی شانۆ و...هتد، ئەمانە واقعی شانۆی کەرکوک بوو بەر لە دروست بوونی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک و ئەم تیپەش زادەی ئەو دۆخە چەقبەستووە بوو، بە مانایەکی تر ئەوە خواستی گۆڕەپانی چۆڵی ئەوە شارە بوو کە وا بە زوویی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری) تێیدا گەشەی کرد و لە ڕێی ئەزموونەکانیەوە ڕایگەیاند کە ئیدی شانۆ لێرەدا تەنها حەز نیە بەڵکو تێفکرییینە قوڵەکان شانۆ دێننە ئاراوە و شانۆ ئەو کلاڕۆژنەیە نیە کە کێشە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگا و موعاناتی کۆمەلایەتی تێدا بخرێتە ڕوو، بەڵکو ئەو پانتاییەیە کە دووایین و تازەترین تێگەیشتنەکانی بۆ شانۆ تێدا بەرجەستە بکرێت. ئیدی شانۆ ئەو پانتاییەیە کە پرسیار و گومانە ئەزەلییەکانی مرۆڤی تێدا دەخرێنەڕوو. هەرچەند بەشێک لە شانۆکاران

نکۆڵی لەو بارە دەکەن و پێیانووایە دروست بوونی ئەو تیپە هیچ گۆڕانێکی لە هاوکێشەکان نەکرد، بەڵام لە هەموو شوێنێک هەرووایە بۆ قسە لەسەر هەر بابەتێک دروست وایە بەڵگەکان بخرێنە سەر کاغەز و دۆکیۆمێنت سەرچاوەی ئەو گفتوگۆیە بێت نەک زۆرترین قسە و نەسەلماندنی کەمترینیان، بۆیە منیش بە دۆکیۆمێنتەوە دەڵێم تیپی ئەزموونگەری ئاقاری شانۆی کەرکوکی گۆڕی و وای لە شانۆکارانی شارەکە کرد کە بە ئاگا بێنەوە تەنها بە حەزەوە کار لە شانۆدا نەکەن (بڕوانە کۆی ژمارەکانی گۆڤاری شانۆکار)، بەر لە دامەزراندنی ئەو تیپە جگە لە چەند دیاردەیەکی شانۆیی(ئەمە گشتاندنێکی سەد دەر سەد نیە) کەمترین نمایش لەسەر ڕێبازە زیندووەکانی شانۆی جیهانی کرابوو، هیچ گرووپێک بە مەبەستەوە شانۆی لە هۆڵ نەهێنایە دەرێ، کاتێ کە چەند شانۆکارێک لە دەرەوەی بیناسازی شانۆ کاریان کرد هیچ گۆڕانێکیان لە ڕەوتەکە نەکرد، بەواتایەکی تر ئەگەر ئەو کارانە لە نێو هۆڵە ئاساییەکانیش بکرایە هەر هەمان ئەنجامی دەبوو، بە مانایەکی دیکە ئەوەنەبوو ئەزموونەکە بخوازێت کە لە سەر بینایەکی بەرز یان شوێنێکی ناشانۆیی نمایش بکرێت یان وەک ئەوە بێت کە تیپی ئەزموونگەری جەختی لەسەر دەکەنەوە (پانتایی ناتەبا و گۆڕینی شوێنی مێژوویی و کەلەپوری بۆ پاتناییەکی شانۆیی). هیچ تیپێک هەوڵە کرداربییەکانیان تیۆریزە(تنظیر) نەکرد، تەواوی بەڵگە و نوسین و دۆکیۆمێنتەکان لەسەر کارەکان لە چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی زیاتر تێناپەڕێت.

بەکارهێنانی دەنگ وەک میحوەرێکی سەربەخۆی زمان، یەکێکی تر بوو لە داهێنانەکانی تیپی ئەزموونگەری کە لە قۆناغی

دووەمی ئەزموونەکانیدا بنەما و ماتریالێکی سەرەکی بوو، بەر لەوان ئەم چەمکە تەواو نامۆ بوو بە شانۆی کەرکوک و هیچ دەرهێنەرێکیش لە ئەنجامی قووڵبوونەوە لە شانۆدا دەنگی نەخستە نێو نمایشەکانییەوە، بەڵکو هەر بیریشی لێنەکرابووەوە، بەڵام تیپی شانۆی ئەزموونگەری هەموو ئەم ئەرکانەی بەجێگەیاند و بەڵکو کردنی بە مۆرکی خۆی، ئەوە تیپی ئەزموونگەری بوو کە لە قۆناغی یەکەمی ئەزموونوکانیاندا دوو بەرهەمی بۆ شانۆی توندوتیژی و یەکێک بۆ شانۆی هەژار و نمایشێکی تری بۆ شانۆی ژووری تایرۆف تەرخان کرد و لەگەڵ هەر یەکێک لە ئیشەکانیدا بە ووردی لەسەر دوایین پێگەیشتن و خاڵە تازەکان و ئسلوبەکە دیراسە و لێکۆڵینەوە دەکرا و شییدەکرانەوە بۆ بەرچاو ڕوونی شانۆکاران و دواجاریش دەچوونە ئەرشیفەوە، چونکە یەکێک لەو خاڵانەی کە ئەم تیپە بڕوای پێیەتی، تیۆریزە و ئەرشیفکردنی ئەوموونە شانۆییەکانە، لە بەرئەوەی ئەم ئەزموونانە لە ئەنجامی تێفکرین و ووردبونەوەی قوڵ بەرهەم هاتوون نەک تەنها حەزێکی کاتیی، ئەکرێ لە داهاتوودا ببن بە بنەما و سەرچاوە بۆ هەر کەس و گروپ لایەنێک کە بیەوێ لەسەر ئەم جۆرە ئەزموونانە بوەستێت و سوودی لێببینێت. لە دووەم قۆناغی ئیشکردنیشدا خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەوەی کە ئیدی نمایشەکانیان تەنها لە کەرکوکدا قەتیس نەکەن و بە شارەکانی تری کوردستان ئاشنا ببن و وێنەیەکی تەواو پۆزەتیڤ لە لای شانۆکارانی دەرەوە سەبارەت بە شانۆی کەرکوک دروست بکەن و ئەزموونەکانی (یادەوەری دەنگ2 ـ جوانترین مردن ـ شەرابی سێو و تونێل)یان لە شارەکانی کۆیە و ڕانیە و هەڵەبجە و دەربەندیخان نمایش کرد، شانۆکارانیان لەو

قاڵبە دەرکرد کە تەنها وەک بینەرێک بێن بۆبینینی نمایشەکان و دوابەدوای هەر ئەزموونێکیان لەڕێی مێزگرت و چاوپێکەوتن و کۆڕی ڕەخنەییەوە بینەر و شانۆکارانیان دەهێنایە گۆ بۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی بۆچوونی خۆیان لەسەر شانۆ، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەبێت ئاماژە بەوە بدرێت کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە جیلێکی گەنجی سەرەتایی هاتنە نێوەندەکەوە، کە هەر لە سەرەتاوە نەیاندەویست درێژکراوەی ئەو ئەو ڕەوتە بێسەروبەرە بن، تموحی ئەوان زۆر لەو جۆری ئیشکردنەی کەرکوک زیاتر بوو بەوەی کە لەو کاتەدا کاری زۆر جیاوازتریان نمایش دەکرد نمونەی زیندووی ئەو جۆرەش نمایشی (نامۆ) دەرهێنانی شانۆکار فریاد ئەحمەد بوو کە هەرچەند بە ئاگاییەکی زۆری شانۆییشەوە ئیشی لەسەر نەکرابوو بەڵام ئەم قسەیە بەو مانایە نا کە لە ئاستی نمایشە باوەکانی ئەوسای کەرکوک بێت نا بەڵکو سەرکەوتوویی ئەو گروپە گەنجە لەوەدابوو کە هیچکات خۆیان بە شانۆ و شانۆکارانی کەرکوک پێوانە نەدەکرد، بەڵام بە حەقەت ئەبێ ئەم نمایشە بە یەکێک لە نمایشە ئەزموونکارییەکانی مێژووی شانۆی کەرکوک ئەژمار بکرێت، بەوەی بنەمای کارەکە لەسەر جەستەی ئەکتەر ئامادەکرابوو و هەڵگری گوتارێکی جیاوازتر بوو لە شانۆی ئەوکاتی کەرکوک، هەڵبژاردنی دەقی بێهوودە و ئیشکردن لەسەر ئەو شێوازە، دروست لە دوای پرۆسەی ئازادیەوە بوو بوو بە یەکێک لە خەونە گەورەکانی ئەو نەوە شانۆکارە گەنجە، پێمووایە ئەمەش لە چەند ڕەهەندێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕەنگە یەکێک لەوانە پەیوەندی بەو دۆخە شێواوەوە هەبێت کە لەو کاتەدا بەگشتی تاکی کەرکوکی تێیکەوتبوو یانی هاووشێوەی دۆخی سەرهەڵدانی خودی ئەو

ڕێبازە (بێهوودە – ئەبسێرد) لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کە مرۆڤایەتی توشی سەرلێشێواویەکی وا هاتبوو ئەسڵەن نەیدەزانی بۆچی ئەژێت، تا ئاکام وایلێهات لە ئەنجامی ئەو بەربەرییەتەی ژیانەوە ریبەرانی ئەو ڕێبازە(یونیسکۆ، بیکیت، ئەدامۆف...) توانیان داهێنان و ئەفراندن بکەن، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش عەجەبەن ئەم نەوەیەی شانۆکارە گەنجەکانی ئێرە ئەتوانن بگەن بەو خاڵەی کە فیعلەن لە ئەنجامی ئەو بارە ئاڵۆزەی کە کۆمەڵگای تێکەوتووە ئیبداع و داهێنان بکەن؟ ڕەهەندێکی تری ئەوەیە کە لە دوای2004ەوە شانۆکارێکی گەنجی تازە گەڕاوە لە هەولێرەوە بۆ کەرکوک زنجیرەیەک نمایشی لە شێوازی عەبەس پێشکەش کرد، کە بە کارەکانی مژدەی دەرکەوتنی جیلێکی تازەی یاخی لە عەقڵی ئصوڵیی شانۆی کەرکوکی ڕاگەیاند و توانی تاڕادەیەکی باش ئاڕاستەی ڕەوتەکە بگۆڕێت و کاریگەری بەسەر تەواوی شانۆی ئەوکاتی شارەکەوە هەبێت، هەرچەند ئەمیش خاوەن ئاگاییەکی تەواو نەبوو بەڵام کەسێک نییە گومانی لەوە هەبێت کە ئەوە (کۆسرەت عەبدولڕەحمان) بوو دەسپێکی ئەو قۆناغەی ڕاگەیاند و خۆی و هاوکارەکانی تا چەند ساڵێکیش کارەکتەری سەرەکی شانۆی کەرکوک بوون، دواترش هەر ئەوان بوون بە دەستەی دامەزرێنەری تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک، چونکە ئەوان پێچەوانەی عەقڵە بەستووەکانی شانۆی کەرکوک بیریان دەکردەوە، کە زانییان ئەتوانن لە لابۆرەکەی تیپی ئەزموونگەری ئەزموون بکەن بەڵام بە ئاگاییەکی تەواوی شانۆیەوە لە سیاقی ئەو تیپەدا خۆیان ڕێکخستەوە.

یەکێکی تر لەو وەرچەرخانە زۆر گرنگانەی کە لە دوای دروست

بوونی تیپی ئەزموونگەرییەوە ڕوویدا ئەوەبوو کە ئەم تیپە توانی یەکەم گۆڤاری تیۆری و ڕەخنەیی بە دیزایین و قەبارەیەکی باش لە مێژووی شاری کەرکوک دەربکات و دوایین تێز و تێڕوانینەکانی شانۆی جیهانی بە شانۆکارانی کەرکوک ئاشنا بکات و تاکو ئێستا توانراوە(8) ژمارەی لێدەربکرێت. بڕیاریشە هەر لەمساڵدا بەپێی ئەوبانگهێشتنامانەی کە پێی گەیشتووە بەشداری چەند ڤیستیڤاڵێکی جیهانی بکات و نوێنەرایەتی شانۆی کەرکوک بکات. بۆیە ئیدی تیپی شانۆ ئەزموونگەری کەکووک لە چوارچێوەی تیپێکی نۆرماڵ دەرچووە و نامەیەکیشی ئاراستەی شانۆکاران و ڕۆشنبیرانی کوردی کرد کە ئیدی مێژووی شانۆی کەرکوک بەبێ تیپی ئەزموونگەری ئەستەمە و ئەو تیپە یەکێکە لە وێستگە سەرەکییەکانی ئەو مێژووە.

*** ئەم ووتارە پێشکەشە بەوانەی کە ئەو تیپەیان دامەزراند.**

# شانۆی ئێمە شانۆی بینین و هەستپێکردنە

مامەڵەکردن لەگەڵ سیناریۆیەکی ئامادەکراودا خاڵی جیاوازی ئەم ئەزموونە بوو لەگەڵ ئەزموونەکانی تری ئەو گروپە، کە ئەمە وایکردبوو ئێمە ئەمجارە تا ڕادەیەک پابەند بین بە هێڵکارییەکی ئامادەکراوەوە و زیاتر لەسەر ئەو هێڵانە بڕۆین کە سیناریۆکە بۆی دیاریکردووین واتا وەک جارەکانی پێشوو نەبوو کە بە تەنها بیر و خەیاڵی دەرهێنەر و ئەکتەرەکان دروستکەری نمایش بن، بەڵکو ئەمجارە لەپاڵ ئەوانەدا سیناریۆ هەیە داوامان لێدەکات کە پابەندی بین، ئەو سیناریۆیەش (جان دمو و وحشە الغروب) ی (صلاح القصب)ە، کە لەسەر شاعیری گومناوی کەرکوکی (جان دمۆ) نوسراوە، جان شاعیرێکی مەسیحی شاری کەرکوکە دوای ئەوەی کە داهێنانی لە شیعردا کردووە و لە عێراق و دنیای ئەدەبیاتی عەرەبیدا ناسرا ئیدی سەختی ژیان کردی بە کوڕی جادە و مەیخانەکان و بە تەواوی بووە یەکێک لەو سەعلوکانەی کە هەموو ژیانی بەسەرخۆشی لەسەر شەقامەکاندا گوزەراند، تا دواجار لە غوربەتا و لە ئوستراليا هەر بەسەرخۆشی مرد، کۆتاییەکانی ژیانی جان دەمۆ بە مانای ووشە وەحشەت و تەنیایی و وێرانە و دوور لە هەموو شتێک بوو. قەصەبیش بەو پێیەی کە هاورێی بووە و سەرسام بووە بە شاعرییەتی جان دمۆ بۆیە ئەم سیناریۆ وێنەییەی بۆی نوسیووە. خۆ ئەگەر بپرسرێت بۆ ئەم دەقە دیاریکراوە بۆ ئیشکردنی ئەزموونکارانەی گروپی شانۆی کلتوری؟ ئەوا بێشک دەڵێن گومناوی و داهێنانی جان دەمۆ لە شیعردا و دواتر کەرکوکیبوونی هۆکاری دیاری کردنی

ئەم دەقە بووە هەڵبەت ئەمە لەپاڵ سەرسامیمان بۆ سیناریۆ نوسراوەکەش کە دروست ئەو ئەتمۆسفێرە ئەفسوناوییەی تێدایە کە ئێمە و ئیشەکانی ئێمە دەیخوازێت، بۆیە ئەمجارە کاتێ چووینە یەکێک لە خانوەکانی قەڵای کەرکووکەوە بە دەستی بەتاڵ نەڕۆیشتین و لەگەڵ خۆماندا سیناریۆیەکی نوسراومان بردە ژوورەوە و لە ئەنجامی گەران و پڕۆڤەکاندا نمایشێکمان دروست کرد کە نەک هەر لە شانۆی باوی کەرکوک بەڵکو لە تەواوی ئەزموونەکانی تری خۆشمان جیاواز بوو.

لە ئەزموونی (تەنیایی خۆرئاوابوون) دا ئەکتەرێک کرابوو بە میحوەری سەرەکی نمایش واتە (جان دمۆ) و سێ ئەکتەری تریش ڕۆڵی تارماییەکانی جان دمۆیان دەبینی کە یادەوەری و ڕابردووی جانیان بەرجەستە دەکرد، یەکێکی دیکە لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم ئەزموونە ئیشکردنی ووردمان بوو لەسەر نواندن کە لە ئەزموونەکانی تردا هێندە بە ووردی کار لەو لایەنە نەکرابوو، واتا لە ئیشەکانی پێشوودا ئەوەندەی کار لەسەر دروستکردنی کوتلە و بارستایی دەلالی و دروستکردنی خیتابی فەلسەفی و قوڵ کرابوو هێندە ئیشمان بە ووردەکاری نواندن نەبوو بەڵام لە ئەزموونی (تەنیایی خۆرئاوابوون)دا بەمەبەستەوە جەختمان لە ووردەکاری نواندن کردبووەوە، ئەمەش بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ زەرورەتی ئەو حاڵەتە لە دەقەکەدا و بەشێکیشی پەیوەندی بەو گۆڕانە ڕیشەییەوە هەیە کە بەسەر جۆری ئیشکردنی ئێمەدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا فەزای ئیشکردنی ئێمە لەم ئەزموونەدا وایدەخواست کە نواندن ببێتە یەکێک لە ڕەکیزە بنەڕەتیەکانی ئیش، بە هۆی جیاوازی لە ئاستی شوێن و بوونی زیاتر لە چەند پانتاییەکی نا هاوتا و جیاواز بۆ نواندن

که نەدەکرا تەنها بە نواندنێکی سەرپێییانە بینەر ڕازی بکرێت ، بە دڵنیاییەوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لایەنی گوتاری فکری و ستاتیکی نمایش فەرامۆش کرابێت، بە پێچەوانەوە ئەمجارە قوڵتر ئیش لەو لایەنانە کرابوو ئەمەش لە تەواوی بەشی دووەمی نمایشەکەدا دەردەکەوت کاتێ ئاوێنەیەکی گەورە لە ناو یەکێک لە دەرگاکان بە قوماشێکی سپی داپۆشراوە و هەڵواسراوە، بەڵام دواتر دووان لە تارماییەکانی جان دمۆ لە ڕابردووی خۆیان یاخی دەبن و ئاوێنەکە دەشکێنن، ئەمەش بۆخۆی وەکو هەموو ئیشەکانی تری ئەزموونگەری کراوەیە لەبەردەم ئەتویلی جیاواز و بینەر سەربەست دەبێت لەوەی کە شکاندنی ئەو ئاوێنەیە چۆن لێکبداتەوە، یاخود بەکارهێنانی پارچە قوماشە ڕەشەکە کە لە ڕێی بەکارهێنانیەوە لەلایەن ئەکتەرەکانەوە چەندین دەلالەتی جیاوازی ئاراستەی بینەر دەکرد. یەکێکی تر لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم ئەزموونە گۆڕانکاری ریشەیی بوو لە جلوبەرگدا بەوەی کە ئەم ئەزموونە گەیاندمانیە ئەو بڕوایەی ئیدی پێویستە جلێکی تایبەت و سادە و گشتگیر بۆ تەواوی ئیشەکانمان دیاری بکەین و کردیشمان، واتا ئیدی ئەو جلەی کە لەم ئیشەدا بەکارمانهێنا ئەبێت بە جلی هەموو نمایشەکانی داهاتووشمان، بەڵام ئەوەی کە گۆڕانی بەسەردادێت تەنها ڕەنگی جلەکەیە و دیزاینی جلەکە هەر وەکو خۆی دمێنێتەوە، ئەمەش بۆخۆی دەسکەوتێکی گرنگی ترە کە ئەم نمایشە پێیبەخشین. ئامادەیی مۆسیقار لە نمایشدا بەخۆی و ئامێرەکەی دەستیەوە لە هاوشانی ئەکتەرەکاندا و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی نمایشدا یەکێکی دیکە بوو لە جیاوازییەکانی نمایشی (تەنایی خۆرئاوابوون)، کە کاریگەریی ئەوان بۆ خولقاندنی ئەتمۆسفیری نمایش هیچی کەمتر نەبوو

لە کاری ئەکتەرەکان و بگرە لە هەندێ شوێندا حزوری مۆسیقا هێندە سەرەکی بوو ئەبوو ئەکتەر جوولەیەکی سەرنجڕاکێش بکات تا تەرکیزی بینەر بگەڕێنێتەوە لای خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەم حاڵەتە نمایشەکەی لە شانۆوە نەگۆڕی بۆ ئۆپەرێت چونکە تەواوی مۆسیقارەکان تەنها بە دەستیان و ئامێرەکانیان بەشداری نمایشیان دەکرد و تەواوی جەستەیان بە قوماشی سپی داپۆشرابوو واتا زیاتر وەکو بارستەیەک دەبینران تا وەکو ئەکتەر.

پانتایی ناتەبا ئەو چەمکەیە کە لە زۆربەی ئیشەکانی پێشوومان‌دا بە کارمانهێنا و کارمان پێیدەکرد، بەڵام لەم نمایشەدا قوڵتر لەم چەمکەدا ئیشمان کرد و ڕووبەڕووی بووینەوە، بەوەی کە ئەمجارە شوێنی نمایشمان تەنها پانتاییەکی ئاسایی نەبوو بەڵکو چەندین شوێنی جیاواز گۆڕان بۆ سەکۆی نواندن (حەوشەی یەکەم، سەربان، دوو ژووری جیاواز، سەر پەیژەکان، حەوشەی خانووی دووەم، قاتی سەرەوەی خانووی دووەم....) هەموو ئەم شوێنانە لەبەردەم ئەکتەردان بۆ نواندن بۆیە  دروست لە حاڵەتەدا ئەبێ دەرهێنەر ئەلتەرناتیڤێکی باوەڕپێکەری پێبێت بۆ گۆرینی ئەم هەموو شوێنە ناشانۆییە بۆ شوێنی نمایش و دووبارە بە پێی پێویستی نمایشەکە دایبرێژێتەوە و هەروەها ئەکتەریش سەلیقە و توانای خۆی بەکاربخات بۆ زاڵ بوون بەسەر شوێندا.

بینەر وەکو هەمیشە لای ئێمە ڕەگەزە سەرەکی و پێکهێنەرەکەی نمایش بوو، بەو پێیەی سات بە سات بە دوای ئەکتەرەوە بوو و تینوی بینینی زیاتری دیمەنەکان بوو، ئەوەش بەو بەڵگەیەی کە لە هەر گۆڕانێکی شوێندا و بەجێهێشتنی شوێن

لەلایەن ئەکتەرەوە رووکردنە شوێنێکی دیکە، بینەر راستەوخۆ دوای ئەکتەر دەکەوت بەبێ ڕێنوێنی کردنی هیچ کەسێک، بەڵکو ئەوە ئیشتیاقی خودی بینەر بوو بۆ نمایش و بینینی زیاتر و تێکەڵبوونی تەواوەتی لەگەڵ نمایشدا، لەمەش گرنگتر بەشدارییپێکردنی راستەخۆی بینەرە لە نمایشدا، لەو دیمەنەی کە جان دمۆ(کارگەر جەواد) لە دوای شاکاندنی ئاوێنەکە پارچە ئاوێنەکان کۆدەکاتەوە و بەسەر بینەردا دابەشیدەکات و پێیان دەڵێ لە ووردبوونی حەیقەتدا ئێوەش بەشدارن. دواجار شانۆی ئێمە شانۆی بینین و هەست پێکردنە، شانۆی لەزەت و ستاتیکایە نەک تێگەیشتی کۆنکرێتی و سەپێنراوی پێشوەخت.

لە کۆتاییدا (تەنیایی خۆرئاوابوون) شەمەندەفەری ئەزموونکاریمانی گەیاندە وێستگەیەکی تر و جیاوازتر لە ئەزموونەکانی پێشوومان، بەم ئەزمونەشمان بەردەوامی خۆمان دایەوە بە گوێی شانۆکاران و ووتمان ئەوە ئێمەین کە هەر بەردەوامین لە گەرانە لابۆرییەکانمان و جار دوای جار قووڵتر ئەبینەوە لە شانۆدا پیرۆزتر بۆی ئەڕوانین و جدیتر کاری تێدا دەکەن.

***یەکێك لە ئەکتەرەکانی نمایشەکە.**

# نەوە کوێرەکانی شانۆی کەرکووک

*ئەم ووتارە پێشکەشە بەو پانزە شانۆکارەی کە نوێنەرایەتی شانۆی کەرکوکیان کرد لە دیداری شانۆی کورد لە هەولێر

کاتێ کە سەرقاڵی پڕۆڤەین لە شوێنە مێژوویی و نا شانۆییەکاندا، کاتێ سەوداسەرین بە شوێن ئیکتیشافات و دۆزینەوەی نوێ لە تێز و روانینە کۆن و باوەکانی شانۆ، کاتێ خۆشی و رەفاهیەتی ژیان وەلا دەنێین و کاتەکانی خۆمان دەبەخشینە شانۆ، کاتێ قورسی و نەهامەتییەکانی ژیان وەلاوە دەنێین و شانۆ وەک دەلاقەیەک دەبینین بۆ خۆ بەتاڵکردنەوە لە پیسەییەکانی ژیان کە ئەشێ دواجار ئەو پیسییانە ڕۆحمان بخۆن. لە هەموو ئەم کاتانەدا بیر لەوە ناکەینەوە ببین بە نوێنەر و ئاڵاهەڵگری شانۆی شارەکەمان، بەڵکو شانۆ بۆ ئێمە کایەیەکی مەعریفییە و ئەمانەوێ تەواوی زانیاری و پسپۆرییەکانمان لەو بوارەدا چڕ بکەینەوە ئیدی تەنها وەک هونەرێکی موجەرەد بۆی نەڕوانین بەڵکو ئێمەش وەک زۆرێک لە وولاتانی ڕۆژئاوا بیکەینە زانستێکی تایبەت و پرۆفیسۆر و بیریاری خاوەن تێزی تیا بەرهەم بهێنین و دانشگای بۆ تەرخان بکەین.

((دەنگێک لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوکەوە))

هەوڵەدەم ئەم ووتارە تەرخان بکەم بۆ قسەکردن و پرسیارکردن لەبارەی بیرکردنەوە و ئیشکردنی سێ نەوەی شانۆی کەرکوک ئەوانیش نەوەکانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەگەڵ نەوەکانی نەوەدەکان و لە کۆتاییشدا ئەو نەوە نوێیەی لە دوای دووهەزارەکان و بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دوای پرۆسەی

ئازادییەوە قەدەر یان تەهەورات یان (حەز و ویستی مەعریفە!!) هێنانیە نێوەندەکەوە  کە سەرگەردان سەرگەردان لە نێوان ئەمر و وەعزەکانی نەوەی کۆنی سەلەفی  دێن و دەچن و هەرچەند دەکەن ناتوانن شوناسێکی تایبەت بە خۆیان بدۆزنەوە و ببن بە خۆیان.

هەروەها بەشێکیشی تەرخان بکەم بۆ قسەکردن لەسەر دوایین کۆبوونەوەی شانۆکارانی کوردستان لە ژێر ناوی دیداری شانۆی کوردی کە لە شاری هەولێر بەستر.

**نەوەی حەفتا و هەشتاکان:**

ئایکۆنە دیارەکانی ئەم نەوەیە بریتین لە چەند ناوێک (سەلمان فایەق، فازڵ جاف، جەلیل زەنگەنە، جیهاد دڵپاک، عەلی کەریم و .....هتد) کە بە هەڵە و بە قەدەر بوونەتە شانۆکار و بە هۆی ئیشکردن لەسەر ئەو جۆرە شانۆیەی کە ختوکەی عاتیفەی بینەر ئەدات وایان کرد کە ببن بە دۆنکیشۆتی شانۆی کەرکوک و بۆ ماوەی سێ تا چوار دەیە خاوەندارێتی شانۆی شارەکە بکەن لە شوێن و کۆبوونەوە فەرمیەکان بە بێ ئەوەی کە بۆ ساتێکیش لە خۆیان بپرسن ئایا کامەیە ئەو شانۆ جدییەی کە ئەو بەرێزانە لە ئەرشیفی شانۆی خۆیاندا شانازی پێوە دەکەن؟

 کارەساتەکە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە ئەم نەوەیە شانازی پێوە دەکەن و هەمیشە وەک فەزڵێکی گەورە باسی دەکەن و  پێمانی دەفرۆشنەوە کاری درامی و تەلەفزیۆنین و کەم تا زۆر پەیوەندییان بە شانۆوە نیە تا ئەوان وەک شانۆکار پێیان بناسرێن! هەڵبەتە باس لەو جۆرە ئیشکردنانە نیە کە زیاتر خۆی لە جۆری شانۆی قوتابخانە دەبینیەوە و بەوپەڕی سادەییەوە

کاری لەسەر دەکرا، چونکە ناکرێ ئەو جۆرە ئیشکردنانە لەسەر رەوتی شانۆی جاد ئەژمار بکرێ چ جای ئەوەی کە ئەو ئیشکردنانەی ئەوسای کەرکوک کە لەوپەری ئاست نزمی و هەژاری تەکنیکیەوە پێشکەش دەکران بەجۆرێک پێموانیە لە ئێستادا خاوەنەکانی خۆشیان و دروستکەرانی ئەو شانۆیانە لە ڕوویان بێت لەسەر ئەرشیفی هونەری خۆیانی ئەژمار بکەن.

تەواوی دەسکەوتی ئەم نەوەیە بریتیە لە چەند کارێکی حەماسیی نەتەوەیی و تەهەوراتی کە بە هۆی فیکە و چەپڵەڕێزانی جەماوەری نائاگا لە شانۆ، بوون بە شاکارەکانی شانۆی شار!کە ئەستەمە ئەم فەوزایە لەسەر شانۆ (بە مانا جدییەتەکەی) ئەژمار بکرێ بەوەی کە خودی کەسەکانی ئەوکاتەی نێوەندەکە کەمترین مەعریفەیان نەبووە لەسەر زانست و تیۆرییە تازەکانی شانۆی جیهانی تا کار لەسەر شانۆی جدی و ئەکادیمی بکەن! ئیدی پرسیار و گومانەکەی من لێرەوە دەست پێدەکات و هیچ کام لەو ئازیزانە لەژێر ئەم گومانە دەرناچن و ئەگەر ڕۆژێک نەوەیەکی بە ئاگا بۆ شانۆی کەرکوک دروست بێت و بیانەوێ کنە و لێکۆڵینەوە لە مێژووی شانۆی شارەکەیان بکەن ئەبێ ئەم نەوە کۆنە زۆر بە رەسمی داوای لێبوردن بکەن لەوەی کە ماوەیەکی زۆر خۆیان بە شانۆکار زانیووە و شانۆشیان نەکردووە بەڵکو خەریکی بەتاڵکردنەوەی هاش و هوشەکانی ناخیان بوون!

**نەوەی دووەم کە بە نەوەی نەوەدەکان پۆلێن دەکرێن لەم ووتارەدا**

کەسە دیار و ئامادەکانی نێوەندی شانۆیی ئەو زەمەنە بریتین لە چەند شانۆکارێک کە خۆیان لە سیاقی چەند تیپێکدا ڕێکخستبوو و ئیشەکانیان بە شێوەیەکی گشتی تەرخان کردبوو بۆ کارکردن

لەسەر سەبتی کۆمیدیا بەڵام چ کۆمیدیایەک؟! ئەو کۆمیدیایەی کە سەد دەر سەد پشت دەکاتە جەستە و تەواوی ئیشکردنەکانی لەسەر وتوویژ و مەنەلۆژی لۆکالی و ناوچەیی چڕ دەکاتەوە بەمەش ئەگەر بینەرێک نابیست لەو نمایشە شانۆییانە ئامادەبوایە ئەبوو خۆی بە کارێکی لابەلاوە مەشغول بکردایە چونکە نەیدەتوانی بە هیچ شێوەیەک تەماس لەگەڵ نمایشەکە ببەستێ ئەمەش بەهۆی نەبوونی ئەڵقەی وەصڵ لە نێوانیاندا..
بە پێی ئەو بەڵگە و دۆکیۆمێنتانەی لە بەردەستدان لە قۆناغی سالانی نەوەدەکاندا شانۆ لە کەرکووک لەپەری سستی و لاوازی ئاست نزمیدا گوزەری کردووە بەوەی شتێک نەماوە بە ناوی شانۆوە بەڵکو ئەوەی کە حزوری هەبووە و بە ناوی شانۆوە پێشکەشی بینەر کراوە تەنها دیاردەی شانۆیی بووە تەنها لە بازنەی هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتیدا خولاوەتەوە بەبێ ئەوەی کە ئیش لەسەر گومان و پرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤایەتی بکاتەوە و موخاتەبەی ئەقڵ و هۆشی بینەر بدات. هەڵبەتە ئەم لاوازی و ئاست نزمییەش ئەکرێ هۆکارگەلی جیاوازی لە پشتەوە بێت و ئێمە لێرە چەند هۆکارێک گریمان دەکەین. بۆ نمونە کە ئەشێ یەکێک لەوانە کارکردنی رژێمی روخاوی بەعس بووبێ بۆ نابوتکردنی شانۆی کەرکوک کە ئەم ئەگەرەیان تا رادەیەک لاوازە بەوەی کە شانۆی کەرکوک پێشتر بەرهەمگەلی دانسقەی نەبووە و شانۆیەکی موغاییر نەبووە بەسەر شانۆی عێراقی و کوردیدا تا حکومەت بیەوێ ئەم شانۆیە نابوت بکات!
گریمانەیەکی تر قورسی ژیانی تاکی کۆمەڵگای عێراقی لەو فەترە زەمەنییەدا بە هۆی ئەو دۆخەی ئەو کاتەی عێراقەوە کە وایکردبوو زۆربەی کایەکانی ژیان تا رادەیەک وەلا بنرێن

و هاوڵاتی تەنها خەمی نانی بێت و بیر لە داهێنان نەکاتەوە و کەسی شانۆکاریش لەم دۆخە بەدەر نەبوو، بەڵام دواجار ئەو دۆخەش داهێنان و کاری سەرمەدی ناوەستێنێ و مرۆڤ دەتوانێ لە خراپترین دۆخی ژیانیدا هونەر بکات بە کڵاوڕۆژنەی بینینی جوانییەکان و لەوێوە بەرەوە دونیای ئەبەدی و ستاتیکی هەنگاو بنێت و ئەگەر بۆ ئێستێکیش بێت تەپوتۆزی ماندویەتی دونیای فانی لە خۆی داتەکێنێ، بەڵام ئەمە کەسی بە ئیرادە و بە سەلیقەی دەوێت نەک کەسانی کورت بین و نەفەس کورت. ئەمیش بەهەمانشێوە تارادەیەک لاوازە.

یەکێکی تر لە گریمانەکانەکان هەست نەکردنی کەسەکانی نێوەندەکە بەوەی کە ئەوان کائینێکی شانۆیین و مەحکومن بەوەی کە بەردوام و بەر لە هەر شتێک شانۆکار بن و پرسیار و پڕۆژەی جدییان هەبێ بۆ شانۆ و خاڵێک دابنێن بۆ ئەو تەهەوراتەی نەوەی پێشوو و لەسەری دێڕێکی تازەوە یەکەم پیتی شانۆیەکی جیاواز بنوسن ، بەڵام چ جۆرە کەسێک ئەتوانێ ئەم کارانە بکات؟!ئەو کەسەی کە چەندین نمایشی شانۆیی لە چەندین ئاستی جیاواز بینیوە، ئەو کەسەی کە کاتێ قسە دەکات ئەوە ئەو نیە کە قسە دەکات بەڵکو ئەوە ئەو کتێبخانە گەورەیەی پشتیەوەیەتی کە وا دەکەن ئەم کەسە شانۆییە بەم جۆرە لەسەر شانۆ بدوێت، کەسێک دەتوانێ وابێ کە بەراستی خەمی شانۆی شارەکەی بێت و لە ناخەوە بناڵێنێ کاتێ دەبینێ هەندێ پیری کەنەفت و هەندێ منداڵ و مەزم بونەتە خاوەنی شانۆی شار و تا دێ ئەو وێنەیە زیاتر دەشێوێنن کە چەند گروپ و کەسێکی خۆنەویست بەردەوام کار بۆ جوانکردنی دەکەن...کە من بەش بە حاڵی خۆم ئەم گریمانەی کۆتاییم پێ لەوانی تر ڕاستتر و

مەقبولترە
هەڵبەتە بە پشت بەستن بە بەڵگەکان و چاوخشاندن بە بەرهەم و کەسەکانی ئەو قۆناغە.

**نەوەی سێیەم گەنجەکانی دوای پرۆسەی ئازادی**

ئەم نەوەیە زیاتر بە نەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان دەناسرێن بەوەی کە تەواوی کەسەکان و بەرهەمەکانیشیان لە دوای دامەزراندنی پەیمانگاوە دەردەکەون. بەپێی هەموو لێکدانەوە لۆژیکی و عەقڵیەکان بێ ئەبێ ئەم نەوەیە واتا نەوەی تازە جیاوازتر بێت لەوانەی پێش خۆی نەچێت و نەوەیەکی بە ئاگا و خەمخۆر بێت بۆ شانۆی شارەکەی کە دەرگای کەرکوک بە تەواوی بەرەو شارەکانی تری کوردستان کرایەوە و ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ تێکەڵ بوون و ئاگادار بوون لە ئەزموونە جیاوازەکان، کردنەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دەسکەوتنی بە ئاسانی کە ئەگەر شانۆکار مەبەستی بێت ئەتوانێ بە تەواوی بیخاتە خزمەتی پیشەکەیەوە، ئەمانە و چەندین هۆکاری تریش کە ئەکرا بە هۆیانەوە ئەم نەوەیەی شانۆ وەکو نەوەکانی پێشووی خۆی نەبێت بەڵام نەک هەر وا نەبوو بەڵک بە پێچەوانەوە هەندێک بیرکردنەوە و ڕوانین لە ناو ئەم نەوە نوێیەی شانۆدا بەدیدەکرێت کە ئاماژەن بۆ دەرکەوتنی نەوەیەکی پەککەوتە و سەلەفی و ئەقڵ بۆگەن بۆ داهاتووی شانۆ و مەترسی دەخاتە سەر تەواوی کایە شانۆییەکە بە تەواوی ئەو ئەزموونە دەگمەن و جیاوازانەشە و کە تاک و تەرا لە لایەن سەربازەوونەکانی شانۆی شارەوە دەکرێن.!!
نەخۆشییەکی کوشندەش لە نێو ئەم نەوەیەدا هەیە ئەویش

پەتای غروری و لە خۆبایی بوونە لە دوایی بەشداری کردن لە چەند ئەزمونێکی خوێندکاریی پەیمانگا یان بەشداریکردن لە فیستیڤاڵە لۆکاڵییەکانەوە کەبە هۆی دەسخەڵەت دانیَ چەند هونەرمەند و شانۆکارێکەوە گوایە وایان تێگەیەنراوە کە ئەوان نەوەی داهاتووی شانۆن و داهاتووی شانۆی وولات لە دەستی ئەواندا دەبێت ، ئەم هاندانە موزیەفانەش وا لەو لاوانە دەکات کە سەرکەشانە بۆ ئەزمونەکانی کرچ و کاڵ و ناشانۆییەکانی خۆیان بڕوانن و پێیان وابێ ئیدی ئەوان لە لوتکەدان و دبیَ نوێنەرایەتی تەواوی شانۆکارانی ئەو شارە بکەن ئالاهەڵگر بن ئێستا دوای ئەوەی کە جەردێکی خێرامان بەسەر هەرسێ نەوەکەی شانۆی کەرکوکدا کرد با بزانین کامانەن خاڵە هاوبەش و لێکچوو و خاڵە ناکۆکەکانیان، خاڵە هاوبەشەکانیان ئەوەیە کە هەر سێ نەوەکە بێ پرۆژەن و تەنها وەک حەز و خولیایەکی کاتی بۆ شانۆیان ڕووانیووە لەم خاڵەدا نەوەی تازە زیاتر قسە هەڵدەگرێ بەوەی کەدەرفەتی ئیشکردنیان پێدراوە و بودجە بۆ هەندێک لە نمایشەکانیان خەرج دەکرێت بەبێ هیج معیار و پێوانەیەک ئەمەش وایکردووە کە ئەو گەنجە سەرەتایە وەکو غەنیمەیەک بۆ شانۆ و پرۆسەی شانۆ بڕوانێت هەمیشە شانۆ بە کەناڵێک بزانێت بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و سەفەرکردن و خواردن و مانەوەی چەند شەوێک لە ئوتێلە راقییەکان، کە هەموو ئەمانە لە قیەممە بالاکانی شانۆ ئەهێننە خوارەوە و وادەکەن کە بیر لە لایەنی ستاتیکی و مەعریفی شانۆ نەکرێتەوە لەبری ئەوە بیر لەوە بکرێتەوە چۆن و بە چ شێوەیەک کەمترین پارە لە ئیشەکە خەرج بکرێ و زۆرترینی بۆ کەسی یەکەمی ئیشەکە بگەرێتەوە!! خاڵێکی تری هاوبەش ئەوەیە کە هەموان کۆکن لەسەر ئەوەی

گرنگی بە لایەنی تیۆری شانۆ نادەن و پێیان وایە کە شانۆ هونەرێکی پراکتیکە و هێندە پێویستی بە تیۆری نیە هەڵبەتە ئەمەش لەوەوە دەردەکەوێ کە بە دەگمەن نوسەر، رەخنەگر، لێکۆلەرێکی شانۆیی لەناو شانۆکاراندا دروست نەبووە، نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەو هاوڕێیانە بەشی ئەوە زانیارییان نیە تا لە کۆڕ و گردبونەوە هونەرییەکاندا حەقلمەعریفە بتوانن چەند دێرێکی بێ هەڵە دەرببڕن.
ئەگەرش بمانەوێ قسە لەسەر خاڵە جیاوازەکانیان بکەین ئەوا هیچمان پێنانوسرێ چونکە هەمووان هەر کۆپیی یەکترن بەبێ کەم و زیاد، لەسەر هەموو تەوەر و بابەتێکیش کۆکن و هیچکات رای پێچەوانە و دژیان نیە!!!
ماڵوێرانی شانۆی کەرکوک گەیشتووەتە ئەوەی کە نەوەی کۆن و نەوەی نوێ لە سەر تەواوی بابەتەکانی و دنیابینیەکان کۆکن ئاخر شتی وا لە هیچ وێرانەیەکی ئەم کەونە ڕووی نەداوە کە دوو نەوە سەد دەر سەد کۆک بن جکە لەم جەنگەڵەی کەرکوک!
دواجار ئەوەی لای زۆربەی بەناوشانۆکارانی کەرکووک بەدی دەکرێ زیاتر خۆی لە تەهەورات و ژاوە ژاوێکی کوشندە دەبینێتەوە بەوەی کە هیچ شانۆکار و تیپ و گروپێک بۆ ساتێکیش بیری لە خۆی نەکردووەتەوە و نەیپرسیووە کە بۆچی شانۆ ئەکەن؟ ئامانج لە بەردەوام بوون لە شانۆ چیە؟ ئەلتەرناتیڤی ئەوان چییە بۆ شانۆی تەقلیدی؟تخوبەکانی مەعریفەی ئەوان تا کوێیە لە فەزای فراوانی شانۆدا؟کامانەن ئەو ئینجاز و دەسکەوتانەی کە ئەوان شانازی پێوەدەکەن لە مێژووی شانۆی کەرکوک ......هتد. لەگەڵ ئەمانەشدا حەق بە خۆیان دەدەن کە نوێنەری تەواوی شانۆکارانی شارەکە بن لە کۆڕ و کۆبوونەوە

جديی و جەدەلییەکانی شانۆی کوردی!!
لە کۆتایدا حەزەکەم ئاماژە بەوە بکەم کەهەوێنی ئەم نوسینە بانگهێشتکردنی ئەو پانزە کەسە بوو بۆ دیداری شانۆی کوردی کە نوێنەرایەتی شانۆی کەرکوکیان دەکرد کە هەڵبژاردەیەک بوون لە هەر سێ نەوەکەی شانۆی کەرکوک تەنانەت لە نەوەی نوێ کەسی وا بانگهێشت کرا بوو کە تەنها خوێندکارێکی قۆناغە سەرەتاییەکانی پەیمانگایە و رەنگە قەرنێکی تری پێویست بێت تا ببێت بە شانۆکارێکی خاوەن هەستی مەسئولیەت، کەچی بانگهێشتی ئەو کۆبونەوە گرنگە گرابوو کە تێیدا باس لە تەواوی کێشە و نەهامەتییەکانی شانۆی کوردی دەکرا و ئەم منالە ژیکەڵەیە یەکێک بوو لەوانەی سێ ڕۆژ لە هەولێر خەریکی نیقاش و جەدەلی جدی بوو لە بارەی شانۆی کوردییەوە!!!!!!!!!!!! !!!!!!!!!لەبەرامبەر ئەم منالەدا کەسێکی وەکو شانۆکار و لێکۆلەر (نیهاد جامی) بانگهێشت نەکرابوو بەو بیانوەی کە گوایە جامی بۆ زۆربەی فیستیڤاڵ و کۆڕە شانۆییەکان داوەت دەکرێت و بە قەولی خۆیان با ئەمجار کەسێکی تر سودمەند بێت لەو ئیفادە!!!! ئاخ لەو کارەساتە ئەم هاوڕێیانە وایانزایوە کە ئەوان بانگێشتی ئاهەنگی سەری ساڵ و کریسمس کراون و بیریان چووتەوە کە ئەوان چوون سێ ڕۆژ لە هەولێر لێکۆڵینەوە ووتاری جدی پێشکەش بکەن لەبارەی کێشەی شانۆی کوردییەوە!!!

# ئامادەیی گرۆتۆفسکی لە لابۆرە ئەزموونکارییەکەی تیپی ئەزموونگەری کەرکووک

"تەواو بێتاقەت دەبم کاتێ یەکێک لێم دەپرسێت: ڕەسەنایەتی لە کوێی نمایشە ئەزموونکارییەکانی شانۆی تۆدایە؟ ئەم جۆرە پرسیارانە پێشوەخت گریمانی ئەوە دروست دەکات کە پێویستە لە کاری شانۆی ئەزموونکاریدا هەموو جارێک تەکنیکێکی تازە بەکار بهێنرێت، ئەوەش لقێکە نەک رەسەنایەتی، هەروەک دەیسەپێنێ کە پێویستە ئەنجامی هەموو کارێکی ئەزموونکاری پشکێکی تازەی هەبێ لە شانۆی هاوچەرخدا وەک دیکۆرێکی شانۆیی کاتێک دەرهێنەر لە دیزاینەکەیدا هەندێ بیرۆکە لە هونەری پەیکەرتاشی و هەندێکی تریش لە توانا ئەلیکترۆنیەکان وەردەگرێت، یاخود کاتێ کە ئەکتەرەکان بەشێوەی کەسایەتیە کابارییە باوەکان یان موهەریجەکانی سێرک ڕۆڵەکانیان بەرجەستە دەکەن کە خۆم پێشتر بەشێک بووم لەو جۆرە. بەلام نمایشەکانی ئێمە لە ( لابۆری شانۆیی) بە ئاراستەیەکی تردا هەنگاو دەنێت ئێمە لە وێستگەی یەکەمدا هەوڵ دەدەین کە خۆمان لە شوێنکەوتنی یەک ئسلوبیی لادەین بەڵکو ئەوەی کە هەڵیدەبژێرین پێمانوایە لە نێوان ئسلوبەکاندا باشترینیانە، لەوەوە لە هەوڵی خوڵقاندنی (بیرکردنەوە)ین لە شانۆدا، هەروەها ئامانجی ئێمە دیاریکردنی سروشتی شانۆیە کە جیاوازترە لە تەواوی هونەرەکان، ئەوەشی کە جیای دەکاتەوە (نمایش و دەربڕین) ە. پاشان نمایشەکانی ئێمە بریتیە لە گەڕانێکی هەڵهێنجراو و پوختە لە پەیوەندی نێوان

ئەکتەر و بینەر.. بەمانایەکیتر ئێمە پێمانووایە تەکنیکی ئەکتەر جەوهەر و ناوەرۆکی شانۆیە"

ئێمە پێمانووایە تەکنیکی ئەکتەر جەوهەر و ناوەرۆکی شانۆیە.... ئێمەش وەک گرۆتۆفسکی ئەم دێڕەمان کرد بە دەسپێکی ئیشەکانمان، بەم دێڕە شەمەندەفەری ئەزموونەکانمان بەگەرخست، شانۆمان خاڵی کردەوە لە هەموو رەگەزە زیاد و بێکەڵکەکان ئینجا کارمان کرد، ئەکتەر لە لابۆرەکەی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکووکدا هاوشێوەی ئەو قەدیسە بوو کە گرۆتۆفسکی بە ئەکتەرەکانی خۆی دەووت، چونکە لای ئێمەش ئەکتەر بەویستێکی قوڵ و پتەوەوە هاتبوو بۆ کار کە تەنها ویستی داهێنان و شانۆکردن پاڵنەری بوو، لە رووی جەستەوە تەواو ئامادەباش بوو بۆ تەواوی راهێنانە جەستەیی و دەروونیەکان، دواتر ئەکتەری ئەم لابۆرەی ئێمە لە ئەنجامی بیرکردنەوەو لە سەر بنەمای تێگەیشتن و وەرگرتن دەجوڵایەوە، دیمەن و رووداوی بۆ نمایش زیاد دەکرد بە مەرجێک لە هێڵی گشتی نمایش لا نەدات لەمەدا سەرکەوتین و دەسکەوتەکانیشمان لەشانۆی شارەکەدا هەر دەمێنێتەوە.

هێدی هێدی و بە پێی پێویست ئەو رەگەزانە خۆیان خزاندەوە ناو نمایشەکان وەکو جل و بەرگ کە لە زۆربەی ئەزموونەکانی تیپدا(هاملیت_ئۆدیبی زەردەشت _ یادەوەری دەنگ_ ئەنتیگۆنای قەلا......هتد) ماتریالێکی سەرەکی بوو بۆ تەوزیفکردنی فیگور و ڕووداو وبابەت و کولتورەکان، لە ئەنجامی بیرکردنەوەی قوڵمان لەو ماتریالە وامان کرد کە جۆرە جلێکی تایبەت بە ئەزموونەکانی تیپی ئەزموونگەری دروست بکەین و ببیکەینە یەکێک لە دەسکەوتەکانی گەڕانە شانۆییەکەمان.

ئێمەش وەک ڕێبەرمان (جێرزی گرۆتۆفسکی) ڕووبەرووی ئەو ڕەخنەیە بووینەتەوە کە کاری ئێمە رەسەن نیە و داهێنانی نەکردووە و .....هتد، بەڵام وەڵامی ئێمە هەر خودی ئەزموونەکانن کە ئەگەر لێکۆڵەرێکی شانۆیی بە ئاگا کار لەسەر ئەزمونەکانی (هاملیتی کەرکوک و و ئەنتیگۆنای قەڵا و ئۆدیبی زەردەشت) بکات بۆی دەردەکەوێت ئەو بەرهەمانە لە کوێی ئەزموونکارییەتی دونیادان و تا چەند ئەساڵەت و رەسەنایەتی تێدایە چۆن توانیویانە پشکیان هەبێ لە شانۆی ئەزموونگەری دونیادا وەک ئەوەی کە گرۆتۆفسکی دەڵێ، چونکە بە تایبەت لەو سێ ئەزموونەدا بە مەبەستەوە کارێکی زۆر و چڕ کرا لەسەر بابەتی رەسەنایەتی، بۆ نمونە لە ئەزموونی (هاملیتی کەرکوک)دا خود و تاکی کەرکوکی کرایە ماتریال بۆ ئیشکردن بەبێ ئەوەی بە جل و بەرگ یاخود بە دیالۆگ ئاماژە بەو بەماتریالکردنە بدرێت. هەروەها لە ئەزموونی(ئۆدیبی زەردەشتی) شدا زۆر بە دەگمەن کارمان لەسەر ئۆدیبە یۆنانییەکە کرد، هەموو تەرکیزمان لەسەر ئەو گریمانەیە کۆکردەوە کە ئەگەر ئۆدیبی سۆفۆکلیسی یۆنانی وەک کەسایەتی وەر بگرین و بیکەین بە تاکێکی کوردی و کولتوری زەردەشتی بە قەدیدا ببڕین چی ڕوو دەدات؟! وە کردمان و ئۆدیبێکی تەواو کوردیمان خستە ڕوو کە بارگاوییە بە تەواوی کلتور و دابونەریتەکانی کۆمەڵگای کوردی و چەند ماتریالێکی شانۆییەکەش یارمەتیدەر بوون بۆ تەوزیف کردنی ئەو کورداندن و رەسەنایەتییە، وەک ئامادەیی (ئاگر و گەنم) لە بەشێکی ئەزمونەکاندا.

"بۆمان دەرکەوت کە زۆر رەگەز هەن لە شانۆدا زیادن و پێویست نین و ئەکرێت لابرێن، بۆ نمونە شانۆ ئەکرێت بە بێ

ماکیاج و جلوبەرگ و دیکۆر و رووناکی و کارتێکەرە دەنگییەکان و شوێنێکی تایبەتی نواندن کە جیاواز بێت لە شوێنی بینەر (تەختەی شانۆ)....هتد بەڵام ناکرێت بە بێ بوونی پەیوەندییەکی روحی و ئیدراکی راستەوخۆ ـ پەیوەندی گەیاندنی (زیندوو) لە نێوان بینەر و ئەکتەر"

ئا لەم چەند دێڕەی خودی گرۆتۆفسکییەوە بۆمان رووندەبێتەوە کە کارکردنی تیپی ئەزموونگەری کەرکووک چەندە قووڵ بووە و چ مەعریفەیەکی شانۆیی وورد لە پشت ئیشەکانەوە ئامادەیی هەبووە بەوەی کە لە تەواوی ئەزموونەکاندا زۆربەی ئەو رەگەزە باوانە وەلاوە نراوە و زیاتر ئیش لەسەر ئەو پەیوەندییە ڕوحی و ئیدراکیە راستەوخۆیە کراوە کە لە شانۆی هەژاردا ئاماژەی بۆ دەرکێت. بۆ نمونە لە ئەزموونی (سەگ و دەف) دا ئەو پەیوەندییە لەو دیمەنەدا تەوزیف دەبێت کاتێک یەکێک لە بینەران بە مەسینەیەکی ئاسنین ئاودەکات بە دەموچاوی ئەکتەرێکدا بۆ پاکبونەوەی لە دوای تۆبە کردن و لە ئەزموونی (خاچ) دا دەرهێنەر بە هۆی تۆڕێکی گەورەی ماسیگرییەوە بینەر و ئەکتەران پێکڕا دادەپۆشێ و بە تەواوی لە بۆتەی ئەو پەیوەندییەدا دەیانتوێنێتەوە، خۆ ئەگەر بەشێکی قسەکان لە ئەزموونی (زولێخا لە خەونی یوسفدا) دا چڕ بکەینەوە ئەوە بە تەواوی ئەو ووتەیەی گرۆتۆفسکی دەچەسپێتە سەری بەوەی بۆ نمونە لە ناوەراستی نمایشدا یەکێک لە ئەکتەرەکان بە هۆی ئاگرەکەکەوە "کە یەکێک بوو لە ماتریالەکانی ئیشەکە" ئاگر لە جەستەی بەردەبێت بەڵام بە هۆی کارلێکە توند و ڕوحانییەکەی نێوانیان هەر زوو بە بێ پچرانی نمایش یەکێک لە بینەران ئاگرەکەی کوژاندەوە هەر وەکو ئەوەی کە ئەو بینەرە تەنها بۆ ئەوە لەو

شوێنە بوبێت کە بەو ئەرکە هەڵسێت، بەڵام واش نەبوو چونکە ئەو تەنها بینەرێکی ئاسایی بوو و پێشتریش نەیدەزانی کە ئاگر لەو ئەکتەرە بەردەبێت تا ئەم خۆی بۆ کوژاندنەوە ئامادە بکات... ئەم بارە بۆ ئەزموونەکانی تریش درێژ دەبێتەوە و لە (هاملێتی کەرکوکدا) هێندەی تر بەرجەستە دەبێت بەوەی کە لە دیمەنی کۆتاییدا کاتێک کە هاملێت دەمرێت و ئەکتەرەکان لەسەر شانیانی دادەنێن و بەرەو گۆڕستان بەرێدەکەون بینەرانیش بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن دەکەونە ڕێ لەگەڵیاندا و ئەگەر بۆ ئێستێک لێیان ڕوون بیتەوە وا هەست دەکەی کە ئەمە پرۆڤەیەکی شانۆییە و دەرهێنەرەکەی زیاتر لە سەد ئەکتەری هەیە چونکە هەمووان لەم ئەزموونەدا (هاملیت) یان بەیەکەوە ناشت، دواتر بە هۆی ئەو گوڵانەوە کە لە ئەکتەرەکانیان وەرگرتبوو ماڵئاواییان لێکرد و دواتر بە جووڵە خۆنەویست و عەفەویەکانیان سەرەخۆشییان ئاراستەی (ئۆڤیلیا)ی خۆشەویستی هاملێت کرد.

"گرنگ نیە دابران لە نیوان تەختەی شانۆ وهۆڵ (شوێنی بینەر) دا دروست بکرێت تەنها لە بارێکدا ئەگەر دیمەنێک ئەوە بخوازێ بۆ ئەزموونکردن، بەڵکو ئامانجی جەوهەری گەرانە بە دوای پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان بینەر و ئەکتەر لە هەموو نمایشێکی شانۆییدا و دواتریش وەرگێڕانی ئەو پەیوەندییەیە بۆ وێنەی بینراو"

خۆ ئەگەر بێینە سەر ئەوەی کە لە ئەزموونەکانی ئەم گروپەدا چۆن و تا چەند بە جدی و بە قوڵی کار لەسەر هاوئاستکردنی بینەر و ئەکتەر کردووە بە هەموو رەهەندەکانەوە ئەوە دەبێ بڵێین کە ئەمان بەمەبەستەوە و لە ئەنجامی بیرکردنەوە کاریان لەسەر ئەو چەمکە کردووە دروست وەک ئەوەی کە (ئەنتوان

ئارتۆ) لە (شانۆی توندوتیژیدا) باسی گرنگی هاوتابوونی شوێنی بینەر و ئەکتەر دەکات بۆ خوڵقاندنی ئەتمۆسفێری نمایش و هاتنەئارای پرۆسەی پاکبونەوە، ئەم حاڵەتەش لە زۆربەی ئەمونەکاندا هەست پێکراوە بۆ نمونە لە (سەگ ودەف) و(خاچ) و (زولێخا) و (هاملێت) و (ئۆدیبی زەردەشت) و (یادەوەری دەنگ) کە لە تەواویاندا بینەر و ئەکتەر بە تەواوی هاوئاست بوونەوە و هەردوو کائینەکەش هەستیان بە یەکتر کردووە و هاومیحنەت بوونە و یەکتریان تەواو کردووە، بوونە بەو دوالیزمەی کە هەرگیز ناکرێ بە بێ یەکتر بێنە مەیدانەکە، هاوکات لە سەروبەندی چڕی و زۆری ئەزموونەکانی ئەو تیپەدا قسەیەکی وا بڵاو بووەوە کە " تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک گرنگی بە بینەر نادات و هەمیشە دەڵێن: با کەمترین بینەر بێن بۆ بینینی نمایشەکانمان...."

هەڵبەتە ئەوەی کەمێک ئاگاداری تێز و تیۆریەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهان بێت لەوە تێدەگات کە ئەم دێرە چەندە هەڵەیە و چ بێ ئینسافییەکیشە بەرامبەر بەو گروپە دەکرێت بەوەی کە هەمیشە بینەرانی ئەو تیپە بە ئاگاترین و وورریاترین و ڕێزلێنراوترین بینەر بوون لە مێژووی شانۆی ئەو شارە چونکە ئەو کارلێکەرەی لە نێوان ئەوان وئەزموونەکانی تیپەکەدا هەبووە حاڵەتێکی زۆر دەگمەن بووە!

لەم چەند وێستگە کورتەدا دەردەکەوێت کە ئێمە هەمیشە گرۆتۆفسکی و شانۆ هەژارەکەیمان لە پێشەوەی ڕێبۆتوارەکەمان داناوە و پێمانووایە کە دەبێتە ئیلهام بەخش بۆ تەواوی کارەکانمان لە داهاتووشدا هەروەک ئەمەش نابێتەوە ئەوەی کە ئێمە ئیدی بیرکردنەوەی خۆمان بوەستێنین و تەنها کار لەسەر تیۆرەکانی

ئەو بکەین بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو تیۆرانەی ئەو وهاوشێوەکانی لە شانۆدا کلیلی کردنەوەی خەیاڵ و ڕوئیاکانمانن بۆ ئێستا و ئایندە.

**٭ ئەو دێرانەی ناو کەوانەکان ووتەی گرۆتۆفسکین**

# ئۆدیبی زەردەشت
# لەنێوان کولتور و سرووتدا

نمایشی ئۆدیبی زەردەشت ڕۆژی7/1/2008 لە قشڵەی کەرکوک بەجەستەی (کاردۆ، کاروخ سەیفەدین، کارگەر جەواد، دیدار مەجید، شکۆ عومەر) نمایش کرا (نیهاد جامی)ش ئەرکی داڕشتنەوەی پانتایی لە ئەستۆ گرتبوو. ئەم نمایشە سەرەتا لە ئەنجامی تەمارین و ڕاهێنانی ڕۆژانەوە بەرهەم هات، واتە هیچ دەقێک یا سیناریۆ و نوسراوێکی لەوەوبەر ئامادە نەبوو تاکو بە پێی خەت و هێڵکاریەکانی ئەو نووسراوە ئیش بکرێت، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کە زۆربەی ئیشەکانی تریشمان بەم شێوەیە و بە غیابی دەق بەرهەم هێناوە، چونکە ئێمە کار لەسەر ئەوووتەیە ئەکەین کە: "دەق لە بۆشاییدا و بە جەستەی ئەکتەر ئەنووسرێتەوە"

بۆچی ئۆدیبی زەردەشت؟

دیارە ناونانی ئیش لەلای تیپی ئەزموونگەری لە دوای گەیشتنە قۆناغی نمایشکردنەوە دێت، ئەمەش لە بەرئەوەی کە ئێمە سەرەتا هیچ دەق و نووسراوێکمان نیە تاکو ناوی ئیشەکە لە سەرەتاوە ئاشکرا بێت لامان، بۆیە لەدوای ڕاهێنانێکی چەند ڕۆژییەوە کە زانیمان ئاقاری ئیشەکە بە چ لایەکدا ئەڕوات ئەوکات بیر لە ناوی ئیشەکە ئەکەینەوە، لە (ئۆدیبی زەردەشت) دا ئیش لەسەر چەند لایەن و چەمکێک کرابوو، سەرەکیترینیان ئەو گریمانەیە بوو کە ئەگەر ئۆدیبی سۆفۆکلیس بە کوردی و بە ئێرە بکرێت چۆن ئەبێت و چی ڕووئەدات؟ هەڵبەت زۆر جیاواز ئەبێت لە (ئۆدیب)ە یۆنانییەکە،چونکە ئۆدیبی یۆنانی

بارگاویە بە کولتوری گریکی، سەرەتا  ئەبێ ئۆدیب لەو کولتورە ئەبستراکت بکرێت و بە مانای ووشە بە کوردی و بە زەردەشتی بکرێت، ئەمەش بە ئیشکردنەوەیەکە لەسەر کولتوری کوردی، هەرواش کرابوو، بەوەی چەندە کولتوری کوردی بە زەمەنە کۆنە ئاینیەکەی کە زەردەشتیەتە لە کارەکەدا ئامادەگی هەبوو، بۆ نمونە ئاگر کە هەمیشە و بەبەردەوامی لە ئیشەکانی نیهاد جامی و تیپی ئەزموونگەری سترکتۆرێکی سەرەکیە، چونکە ئاگر هێندەی کولتورێکی کۆنی کوردیە، بەو ئەندازەیە تایبەت نیە بە هیچ گەلێکی تر، ئاگر سەرەکیترین سومبولی کوردە بەوەی کە هەموو کوردیک باوەڕی بەوەیە کە لە سەری ساڵی کوردیدا ئاگر لە سەر چیاکان بکەنەوە بۆ دەربرینی هەستی خۆشی، کاتێکیش کە بە ئاگر پەرست ناوزەند کراون هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە،  هەروەک گەنم لای زەردەشتیەکان رەمزی ژیان و ژیانەوە بوو،،لێرەدا نیهاد جامی بە چەشنێ تەوزیفی گەنم ئەکات کە فیعلەن گەنم ڕەمزی ژیانەوەیە بەوەی کە لە دیمەنێکدا بینرا بەشێک لە ئەکتەرەکانی (ئۆدیبی زەردەشت) بە هۆی تاعونەوە کوێر ئەبن دواتر لەرێگەی بەکارهێنانی گەنمەوە چاوەکانیان چاک ئەبێتەوە. یان بەکارهێنانی دەستاڕ، کە ئەمیش کولتورێکی تری کوردیە کە ئەگەر دوو بەردی لەو شێوەیە بدرێت بە دەست ئەکتەرێکی پۆڵۆنی نەژادەوە ڕەنگە هەرگیز نەزانێ بەو جۆرە بەکاری بهێنی، بەڵکو ڕەنگە بە شێوەیەک بەکاریبهێنێت کە دەلالەتێکی زۆر جیاوازتر بدات بە دەستەوە. یاخود لە سەراپای نمایشەکە و لە چەند شوێنێک بە تایبەتی، ئەکتەرەکان دەنگ و هاواری زەردەشتیان لێوە دەردەچێت، وەک ئەوەی کە سەرەتای نمایشەکە (کاردۆ) بە چەند ووشەیەکی زەردەشتی

دەستپێکی نمایشەکە ڕادەگەیەنێ(گەوشا کەرەج داکا با ئیما). یان ئەو کاتەی کە (دیدار مەجید) لە یەکێک لە پەنجەرەکاندا هاوار بۆ (ئاهورامەزدا) ی خواوەندی زەردەشتیەکان دەکات و دواتر چەند جارێک ووشەی (گاتا) ی زەردەشتی بەکاردێنێ، ئەمە و چەند ووشە و دیالۆگێکی تری زەردەشتی بەکاردێنن وەک ئەوەی کە لە کۆتایی نمایشەکەدا بینرا، کاتێ کە ئەکتەرەکان کوێر وشەل ئەبن دیسان لەڕێگەی جووڵە و دەنگەوە هاوار ئەگەیەننە (ئاهورامەزدا). یان ئەوەی کە لە (ئۆدیب)ی یۆنانیدا خەڵکەکە بەهۆی تاعونەوە ئەمرن، بەڵام لە (ئۆدیبی زەردەشتی) دا بەهۆی تاعونەوە چاو و قاچەکانیان لە دەست ئەدەن، کە ئەم خاڵەی کۆتایی جێی هەڵوەستەیە و من بە چەند جۆرێک ڕاڤەی ئەکەم، وەکو ئەوەی کە مرۆڤی خۆرهەڵاتی بە گشتی بە هێزترن لە ڕۆژاواییەکان، یان ئەوەی کە نیهاد جامی بیەوێ بڵێ: ئەگەر من  دروستکەری بنیادەمەکان بم و دەسەڵاتی خواوەندم هەبێ بەبەزەیی تر ئەبم و چانسی زیاتری ژیان ئەدەم بە مرۆڤ بەوەی کە کاتێ تووشی تاعون بوون یەکسەر نەمرن، بەڵکو قۆناغی یەکەم چەند ئەندامێکی لەشیان لێوەرئەگرمەوە.

کۆکردنەوەی چەند کولتورێک لە ئۆدیبی زەردەشتدا

لە ئۆدبیی زەردەشتدا دەرهێنەرهەوڵی داوە سوود لە چەمکی فرە کولتوری (پیتەر بروک) وەربگرێ، بەوەی کە هاتووە کولتوری کوردی (زەردەشتی) و کولتوری خێڵی هندیە سوورەکان و یۆنانی کۆنی کۆکردۆتەوە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێیدا لە کولتوری کوردیدا چەند ماتریالێکی وەک ئاگر و گەنم و....هتد وەرگرتووە، لە کولتوری هیندیە سوورەکان سروتی کۆبوونەوەیان و کاتی چنگ کەوتنی نێچیرێکیان وەرگرتووە،

هەرچی لە کولتوری یۆنانیە کۆنەکانە چەند توخمێکی وەرگرتووە وەک باوەڕ بوون بەقەدەر و خواوەندە جیاجیاکان و تاعون، ئەو هاتووە هەموو ئەم کولتورانەی وەک ماتریالی ئیش وەرگرتووە و هەمووی لەشانۆیەکی ڕیتوال ئامێزدا نمایش کردووە، بەڵام بە دید و تێڕوانین تازەی خۆی. فرە کولتوریش یەکێکی ترە لەو چەند چەمکە تازانەی کە دەمێک نیە خزاوەتە نێو ئیشەکانی تیپی ئەزموونگەریەوە، بەڵام نیهاد جامی لێرەدا هاتووە گۆڕانکاریی کردووە لەو تێگەیشتنەی کە (پیتەر بروک) هەیەتی بۆ چەمکی(فرە کولتوری)، بەوەی کە بروک بەو چەشنە کار لە فرە کولتوریدا ئەکات کە: تاکە کەسێک بتوانێت گوزارشتکەر و دەربڕی کولتوری هیند بێت مرۆڤێکی هیندیە، بەڵام لەلای نیهاد جامی ئەم حاڵەتە گۆڕاوە بۆ ئەوەی کە ئەکرێت ئەکتەرێکی کورد بەڵام بارگاوی بە مەعریفەیەکی شانۆیی و تا ڕادەیەک شارەزا لەو کولتورەی کە ئیشی تێدا ئەکرێت ببێت بە دەربڕی ئەو کولتورە (جەستەی کولتوری).

هەڵبەت تیپی ئەزموونگەری لە دوای دەست بە ئیشکردنمان لە دووەم قۆناغی ئەزموونەکانماندا،چەند چەمکێکی تری نامۆ بە شانۆی باوی کوردیمان فرێدایە نێوەندەکەوە، ئەوانیش چەمکەکانی (جەستەی کولتووری و داڕشتنەوەی پانتایی...هتد) بوون، دیارە ئەمانەش هەر لە خۆڕا و بە عەفەوی نەهاتبوونە گۆڕێ، بەڵکو دوای ئەوە هات کە چەمکی کولتورمان هێنایە نێو ئەزموونەکانمانەوە هەوڵماندا شانۆ فراوان بکەین و لە پاڵ شانۆدا گرنگی بە چەند زانستێکی وەک(ئەنترۆپۆلۆژیا و سۆسۆلۆژیا و ...هتد) بدەین.

## ستروکتووری ڕیتوال لە ئۆدیبی زەردەشتدا

ریتوال نەک تەنها لەم ئیشە، بەڵکولە زۆربەی ئیشەکانی پێشوتری تیپی ئەزموونگەری دا بونیادێکی سەرەکی بووە، وەک لە (سەگ و دەف)، (زولێخا لە خەونی یوسفدا)، (هاملێتی کەرکوک)، (یادەوەری دەنگ) دا بینرا، بەڵام هەرجارە و بە شێواز و تێگەیشتنێکی جیاواز و لە ژێر تێڕوانین تیۆری یەکێک لە تیۆریستە جیهانیەکان بۆ نمونە لە (سەگ و دەف) و (زولێخا لە خەونی یوسفدا) بەو شێوەیە کار لە سەر سرووت کرابوو کە ئارتۆ مەبەستیەتی لە شانۆی توند و تیژیدا باسی دەکات، ئەوە بوو دواترش ناومان لێنا (دوو پڕۆژە بۆ شانۆی توندوتیژی)، لە (هاملێتی کەرکوک) لە ژێر تیۆر و بۆچونەکانی (گرۆتۆفسکی) دا سرووتمان تەوزیف کردبوو بە هەمان شێوە لە (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) و (خاچ) یشدا بەپیی تێڕوانینەکانی یوژینۆ باربا و تایرۆف کارمان کردبوو.
بەڵام هەرچی لە (ئۆدیبی زەردەشتدا) یە هاتین سوودمان لە سرووتی هندیە سوورەکان بینی، کەچی نەک وەکو خۆی، دەرهینەر هاتووە بەو شێوەیە دایڕشتوەتەوە کە لە شانۆیەکی سرووت ئامێزدا بیخوڵقێنێتەوە، یان سرووتی زەردەشتیەکان، کاتێ کە گوێبیستی ئەو دەنگ و سرووتە زەردەشتیانە ئەبین بە چەشنێک دەریئەبڕین کە بە تەواوی هەست ئەکەیت لە پەرستگایەکی زەردەشتییەکان وەستاوی، بەڵام لێرەشدا گۆڕان بەسەر سرووتە ئەسڵەکەدا هاتووە وەک ئەوەی کە فیگورێکی مێینە (دیدار مەجید) هاوار و ئاهونزای خەڵکەکە ئەگەیەنێتە (ئاهورامەزدا)، یاخود کاتێ کە تەواوی ئەکتەرەکان کوێر ئەبن

هاواری (موغ) بۆ (ئۆدیبی زەردەشت) دەکەن کە بینەر بەتەواوی هەست بە بوونی ئەو سرووتە شانۆییە ئەکات.

## ئۆدیبی یۆنانی

نیهادجامی دەرهێنەر هەر لە نێو نمایشی (ئۆدیبی زەردەشت) دا دەقی ئۆدیبی سۆفۆکلیس نمایش دەکات، واتا وەک ئەوەی براندیللۆ حەختی لەسەر دەکاتەوە و ناوی دەبات بە پرۆسەی (شانۆ ناو شانۆ)، بەڵام بە جەستەی پێنج ئەکتەر و بە شێوازێکی کورت و بەبێ بوونی هیچ حیوار و دیالۆگێک و دوور لە تەختەی شانۆ و خاڵی لە دیکۆر و ئێکسسواری زەخم، بینەریش بە تەواوی هەست دەکات کە ئەمە ئۆدیبی کلاسیکی یۆنانیە نەک ئۆدیبی زەردەشتی، لەبەر ئەوەش ئەم نمایشەی لە ناو نمایشەکەی خۆیدا پێشکەش کرد تاکو بینەر هەست بەو جیاوازی و بەراوردکاریە بکات کە لە نێوان ئۆدیبی یۆنانی و ئۆدیبی زەردەشدا هەیە، دەرهێنەر بەم نمایشە کورتەی ئۆدیبی یۆنانی هەموو ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەی ڕەت کردەوە کە گوایە ئۆدیب دەقێکی گەورە وپیرۆزە و کەس ناتوانێ دەسکاری بکات و نمایشکردنی لە دەرەوەی تەختەی شانۆ و بەبێ دیکۆر و موفرەدات و جل وبەرگی کلاسیکی کۆن کفرە و کارێکی ئەستەمە، لە پاڵ ئەمانەدا دەرهێنەر کاری لە سەر چەند چەمک و لایەنێکی تریش کردبوو، وەک غەریزە شەڕانگێزیەکانی ناخ، کاتێ مرۆڤەکان کوێر ئەبن پێویستیان بە دەوروو‌بەرەکەیانە و چەند زەلیل و داماون، بەڵام کە یەکێک هەوڵی چاکوونەوەیان ئەدات، یەکەم کاری دوای چاکبوونەوەیان بیرکردنەوە لە شەڕ

و پەلاماردانی یەکتر و دەوروبەرە، وەک لەو دیمەنەدا بینرا کە (کاروخ و شکۆ) پێش چاک بوونیان چەند بەبێتوانایەوە لە چاوەڕوانی (کارگەر) دان بۆ ئەوەی کە لە پەرستگاکە گەنم بێنێت بۆ چاک بوونەوەیان، بەڵام هەرکە چاویان ئەکرێتەوە یەکسەر بە دار عەساکانی دەستیان کە پێشتر لە جێی چاو بەکاریان ئەهێنا پەلاماری یەکتر و دەوروبەریان ئەدەن. لایەنێکی تری نمایشەکە ئەوەیە کە ئەمانگێڕێتەوە بۆ چاخە بەردینەکانی مرۆڤ، بەڵام لێرەدا بەتایبەتی جەخت ئەکاتە سەر غەریزە سێکسیەکانی ئینسان و باسی چەند قۆناغێکی مێژوویی ئەکات وەک مۆنۆپۆل کردنی هەموو شتەکان بە ژنیشەوە لە لایەن ڕەگەزی نێرینەوە، تەنها لە پێناو دامرکانەوەی مەرامە سێکسیەکان.پاشان زەمەن تەحویل ئەبێت بۆ قۆناغی ژن سالاری، ئەو قۆناغەی کە ژن دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و خۆی سەرپشکە لەوەی کە بیەوێ لە یەک کاتدا سێکس لەگەڵ یەک کەس یان چەند کەسێکدا بکات، ئەم قۆناغانەش لەو دیمەنەدا دەردەکەوێ کە (شکۆ و کارگەر) هەریەکە و بە هەر چەشنێک بێت و بە نرخی هێز هەوڵ ئەدات (دیدار) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت،پاشانیش قۆناغەکە ئەگۆڕێ بۆ ئەو دەمەی کە دەسەڵات ئەکەوێتە دەست ژن و ژنیش بە ئارەزوومەندانە هەردووکیان هەڵدەبژێرێ بۆ جنس کردن.

## فەزا و شوێن

بۆ ئۆیبی زەردەشت لەسەر تەختەی شانۆ نمایش نەکرا؟
 دیارە کارکردن لە دەرەوەی هۆل و تەختەی شانۆ خەسڵەتێکی تری نیهاد جامی و تیپی شانۆی ئەزموونگەرییە، هەڵبەت ئەمەش

له خۆڕا نیه، بەڵکو زەروریەتی ئیشکردنی ئەم قۆناغەمان وا ئەخوازێ، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە تیگەیشتنانە ڕەت بکەینەوە کە ئەوترێ (هۆڵی پیرۆز و تەختەی پیرۆز و......هتد) بەڵکو لەبەرامبەر ئەمەدا جەخت لەسەر چەمکەکانی(شانۆی پیرۆز و ئەکتەری پیرۆز)ی گرۆتۆفسکی ئەکەینەوە،هەڵبەت ئەمەش نەک وەکو ئەوەی کە گرۆتۆفسکی باسی ئەکات کە ئەکتەر بەقەدیس (قەشە) و شانو بە (کڵێسا) ناوزەند ئەکات ئێمە هاتووین گۆڕانییان بەسەردا دێنین و ئەکتەر بە (موغ) و شانۆ بە (ئاتەشگا) ئەشوبهێنین، ئەمەش نەک بۆ زیندووکردنەوەی ئەو ئاینانە، بەڵکو بۆ بە پیرۆز کردنی شانۆ تا ئەو ڕادەیەی کە پیرۆزی شانۆ هیچی کەمتر نیە لە پیرۆزی ئاینە ئاسمانیەکان.

ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری لە بارەی شوێنی نمایش و پانتایی ناتەباوە کار بەو قسەیەی پیتەر بروک ئەکەین کە ئەڵێ "پانتاییەکی بەتاڵم بدەرێ شانۆیەکی ڕاستەقینەی لێدرووست دەکەم"

لە زۆبەی ئیشەکانی پێشتریشماندا کارمان لەسەر شوێنی نا شانۆیی و پانتایی ناتەبادا کردووە،وەک لە (هاملێتی کەرکوک) و (زولێخا لە خەونی یوسفدا) بینرا کە شوێنێکی مێژوویمان گۆڕی بۆ پانتاییەکی شانۆیی، بە هەمان شێوە لە ئیشەکانی پێشووتریشماندا ئەم چەمکانە ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر ئۆدیبی زەردەشت لە هۆل یا لە هەر شوێنێکی تر نمایش بکرایا بە دڵنیاییەوە ئەم ئیشەی ئێستا دەرنەدەچوو، بەڵکو تەواو جیاواز ئەبوو، بەوەی کە نمایشەکە زادەی ئەو شوێن و بینا و شێوە میعمارییە کە ئێستا ئیشی لێ کراوە، هەڵبەت تۆ ناتوانی ئاگر لەسەر تەختەی شانۆ بکەیتەوە کە ئاگریش ماتریالێکی سەرەکی

ئیشەکانی ئەزموونگەریە کەنەبوونی مەحاڵە لەم قۆناغەیاندا، دووەم بۆ دروست کردنی سرووتێکی شانۆیی تۆ زیاتر پێویستت بە شوێنێکی کۆن و شوێنەوارە، وەک لە هۆڵ و سەر تەختە، کە بە دڵنیایەوە بینەر لەو شوێن و بینا کۆنانەدا زیاتر هەست بەو سروت و شانۆ ڕاستەقینەیە ئەکات.. نەک لە هۆڵدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تیپی ئەزموونگەری بە ڕەهایی هۆڵی شانۆ ڕەت بکەنەوە، بەڵکو لەم قۆناغەیاندا وا ئەخوازێ کە ئەزموونەکانمان لە دەرەوەی هۆڵ نمایش بکەین، ڕەنگە لە قۆناغی داهاتوو یان دواترمان ڕووبکەینەوە هۆڵ و کارەکانمان لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکەین، کە من ئومێدەوارم بە جۆرێکی وا نەگەڕێینەوە هۆڵ کە بینەرەکانمان خۆزگە بە ئەزموونەکانی پێشووترمان بخوازن.

## پێرست


1. پێشەکی
2. ئیدی لێرەدا شانۆ تەنها حەز نیە بەڵکو تێفکرییینە قوڵەکان شانۆ دێننە ئاراوە
3. شانۆی ئێمە شانۆی بینین و هەستپێکردنە
4. نەوە کوێرەکانی شانۆی کەرکووک
5. ئامادەیی گرۆتۆفسکی لە لابۆرە ئەزموونکارییەکەی تیپی ئەزموونگەری کەرکووک
6. ئۆدیبی زەردەشت لەنێوان کولتور و سرووتدا